# اللغة بين المقدس والمدنس:رؤية رينيه جينو

اللغة بين المقدس والمدنس:رؤية رينيه جينو

هيمداد شاهين احمد
Himdad.shahin1990@gimail.com
Eskm24011@oukirkuk.edu.iq
قسم اللغة الكردية، كلية العلوم الإنسانية، جامعة كركوك

أ.م..د ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان
قسم اللغة الكردية، كلية العلوم الإنسانية، جامعة كركوك
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: رينيه جينو، اللغة، المقدس، اللغة المقدسة، الحداثوية

## كيفية اقتباس البحث

احمد , هيمداد شاهين , ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان , اللغة بين المقدس والمدنس:رؤية رينيه جينو,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# اللغة بين المقدس والمدنس:رؤية رينيه جينو

**Language between The Sacred and The profane:**
**The vision of René Guénon**

**Himdad Shahin Ahmed**
Department of Kurdish language, College of Education for Human Sciences, Kirkuk University
Himdad.shahin1990@gimail.com
Eskm24011@oukirkuk.edu.iq
&
**Dr. Azad amin bakhawan**
Department of Kurdish language, College of Education for Human Sciences, Kirkuk University
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

**Keywords** : René Guénon, language, sacred, sacred language, modernism

**How To Cite This Article**
,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**الخلاصة**

تتناول البحث الدراسة إلى تقديم فهم فلسفي و من حيث وجه النظر الحكمة الخالدة للعلاقة بين اللغة والمقدّس، وكذلك لتجلّي المقدّس من خلال اللغة، بالاستناد أساسًا إلى منظور الحكمة الخالدة، ولا سيّما فكر الفيلسوف الفرنسي رينيه غينون. وتعتمد الدراسة منهجًا فلسفيًا تحليليًا يهدف إلى بحث العلاقة الجوهرية والأساسية التي تربط اللغة بالمقدّس. وفي هذا الإطار، يُوظَّف مصطلح «المقدّس» توظيفًا دلاليًا مقصودًا، لا بوصفه مرادفًا آخر فحسب، بل باعتباره مفهومًا ذا بُعد ميتافيزيقي متعالٍ. وتهدف الدراسة منذ بدايتها إلى الكشف عن الطبيعة المتعالية والمتجاوزة للإنسان للغة، بوصفها حقيقةً راسخةً في العالم الباطني للحدس الإنساني. كما تتناول هندوسية، المسيحية والإسلام، والتصوّف على وجه الخصوص، باعتبارها تقاليد روحية أسهمت في بلورة صيغ متقدمة للغة المتعالية، وقدّمت قراءات ميتافيزيقية عميقة للغة النصوص المقدّسة. وفي المقابل، تقدّم الورقة نقدًا للوضعية العلمية، مبيّنةً طابعها الاختزالي في التعامل مع اللغة الدينية والمقدّسة، كما

تناقش الكيفية التي تميل بها المناهج اللغوية الحديثة إلى تهميش أو إنكار الأبعاد الرمزية والميتافيزيقية للغة.

يتمحور نطاق هذه الدراسة حول رؤية رينيه غينون للعالم فيما يتعلق بـ "العلاقة بين اللغة والمقدس"، وإشكاليات الوضعية العلمية الحديثة وعلم اللغة؛ حيث تستند مادتنا البحثية إلى جزءٍ مهم من مؤلفات غينون، مع تقديم نقدٍ ومناقشةٍ لبعض أعمال الحداثيين وما بعد الحداثيين.

يتألف بحثنا من مقدمة وقسمين؛ يتناول القسم الأول -وهو الجانب النظري- موضوع "اللغة والمقدس" من خلال أبعاد اللغة الداخلية والخارجية، وكذلك بُعد الاغتراب الذي تعيشه اللغة في العالم الحديث. أما القسم الثاني، الذي يحمل عنوان "اللغة بين عالم الغيب وعالم الشهادة"، فيركز على إشكالية غموض اللغة والمفاهيم الأساسية التي وضع غينون نظرياته حولها.

## Abstract

This paper seeks to provide an philosophical and perennialist understanding of the relationship between language and the sacred, as well as the sacred’s manifestation through language, drawing primarily on the perspective of perennial philosophy—particularly the thought of the French philosopher and perennialist René Guénon. It adopts a philosophical approach to examine the essential and intrinsic relationship between language and the sacred. In this context, the term sacred is used deliberately, not as a synonym for the “Holy,” but to indicate a metaphysical and transcendent dimension. From the outset, the study aims to reveal the transcendental and transhuman nature of language, viewing it as a reality deeply rooted in the inner world of human intuition. Christianity, Islam, and Sufism in particular are examined as traditions that have achieved a highly developed formulation of transcendental language and have offered profound metaphysical interpretations of the language of sacred scriptures. In contrast, the paper critically engages with scientific positivism, highlighting its reductionist treatment of sacred and religious language, and examines how modernist linguistic approaches tend to obscure or deny the metaphysical dimensions of language.

The scope of the study is René Gino's worldview of the “relationship between language and the sacred” and the problems of modern scientific positivism and linguistics, just as our research material is an important part of Gino's works and books. with criticism and discussion of some of the works of modernists and post-modernists .

Our research consists of an introduction and two parts. The first part, the theoretical aspect of the research, presents “language and the sacred” to the internal, external and alienation dimensions of language in the modern world. In the second section, “Language Between the Unseen and the Visible World”, we worked on the ambiguity of language and the main concepts theorized by Gino.

# زمان لەنێوان موقەددەس و پرۆفەیندا: دیدگای رێنێ گینۆ

هیمداد شاهین ئەحمەد
بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کەرکوک
Himdad.shahin1990@gimail.com
Eskm24011@oukirkuk.edu.iq

پ.ی.د ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان
بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کەرکوک
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنێکی فەلسەفیی- لە گۆشەنیگای پێرینیاڵیستانەوە دەربارەی پەیوەندیی زمان بە موقەددەس و موقەددەس بە زمانەوە، لەژێر تیشکی دیدگای فەیلەسووف و پێرینیاڵیستی فەرەنسیی، رێنێ گینۆ «René Guénon»، بە بەکارهێنانی میتۆدۆلۆجیایەک کە رەهەندە عیرفانیی، مێتافیزیکیی و فەلسەفییەکان تێکەڵ دەکات بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییە جەوهەرییەی کە زمان هەیەتی بە موقەددەسەوە. کاتێک دەڵێین موقەددەس، بێگومان مەبەستمان لە «پیرۆز» یاخود «holy» نیە، بەڵکو مەبەستمان لە «Sacred»ە، توێژینەوەکە هەر لە سەرەتای نووسینیەوە ئاماجی دەرخستنی سرووشتی ترانسیندێنتاڵ و بان- مرۆیی زمانە وەک بوونێک کە رەگ و ریشەی قووڵی لە جیهانی ناوەوە و عەقڵی شهوودیی مرۆڤدا هەیە، توێژینەوەکە شۆردەبێتەوە بۆ رۆڵی ترادیسیۆنی هیندەویزم و کریستیانیز و پاشان ئیسلام و لە کۆتاییدا سۆفیزم بەگشتیی لە دارشتنی زمانی ترانسیندێنتاڵدا«باڵا»، هەروەها شرۆڤەیەکی مێتافیزیکییانە دەربارەی زمانی کتێبە موقەددەسەکان دەخاتەروو، لەهەمانکاتدا رەخنە لە دیدی پۆزەتیڤیزمی زانستیی دەگرێت کە پرۆفەینانە مامەڵە لەگەڵ موقەددەس و زمانی دینییدا دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا جیهانبینیی گینۆ وەک بەدیلی پۆزەتیڤیزم و مۆدێرنیزم بۆ زمان دەخاتەروو.

وشەی سەرەکی:
رێنێ گینۆ، موقەددەس، زمان، زمانی موقەددەس، پۆزەتیڤیزمی زانستیی، زمانناسیی مۆدێرن

## پێشەکیی:

ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(زمان لەنێوان موقەددەس و پرۆفەیندا: دیدگای رێنێ گینۆ)** ناونیشانێکە لەگۆشەنیگای حیکمەتی نەمرەوە دەروانێت بۆ رەهەندە وجوودیی- عیرفانیی و فەلسەفییەکانی زمان لەلای رێنێ گینۆ، فەیلەسوفی پیرینیاڵیست«ترادیشناڵیست». توێژینەوەکە تەنها خوێندنەوەیەکی سادە و سەنجێکتیڤانە نیە بۆ دێرێکی جیهانبینیی گینۆ، بەڵکو قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفیی پلەئیمتیازە بۆ کۆی ئیشکالیاتی مۆدێرنیزم و پۆزەتیڤیزمی زانستیی لە رێگای سەرنجدان لەسەر زمانەوە. لەرێگای ئەم توێژینەوەیەوە چەندە خستنەرووی ئارگیومێنتێکی جیاوازە لە زمانناسیی مۆدێرن. هێندەش دەستبردنە بۆ رۆحی ئەو کێشە و ئیشکالیاتەی کە لە رێگای زمانەوە خراوەتە هەناوی ئاستەکانیتری وەکو ئەنسرۆپۆلۆجیا، ئەپستیمۆلۆجیا و جیهانبینیی مرۆڤی نوێ بەگشتیی.

١-٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشان و بابەتە، لە دوو خاڵی جەوهەرییدا کورت دەکەینەوە، یەکەم قەیرانی مەعریفەناسیی مۆدێرنیزمە بۆ زمان لە کورتکردنەوەی بۆ ماشێن و ئامرازی پەیوەندییکردن، دووەم رزگارکردنی مرۆڤە لە رێگای زمانەوە، ئەمەش بە میتۆدی زمانناسیی ترادیشناڵانە کە دیدی ئیڤلۆشنیزمانە و پۆزەتیڤیزمانە بۆ زمان رەتدەکاتەوە. ئەمەش بەپێشکەشکردنی جیهانبینییەکی سونەتیی و ترادیشناڵ کە زمان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی گەردوونیی دادەرێژێتەوە و جارێکیتر رۆح بەبەر ئەرک و وەزیفە مەعنەویی، مێتافیزیکیی، فەلسەفیی و وجوودییەکانی زماندا دەخاتەوە.

٢-٠ گرنگیی و ئامانجی توێژینەوەکە:

١- گرنگیی توێژینەوەکە لەوێدایە کە هەوڵێکە بۆ ناساندنی رەهەندە ئۆنتۆلۆجیی، باڵا و نەمرەکانی زمان لەلای قوتابخانەی پێرینیاڵیزم و بەتایبەت رێنێ گینۆ، رەهەندێک کە بەتەواویی دابراوە لە تێگەیشتنی داتایی و کەشفی رووتی زانستی مۆدێرن.

٢- هەروەها خستنەرووی زمانی مەعنەویی کە سەررێژە لە میتاقۆر و حیکمەتی ئیلاهیی، زمانێک کە پێویستییەکی حەتمییە بۆ ئاسۆی تێگەیشتنمان لە حەقیقەتی هەبووەکان.

٣- ئامانجی توێژینەوەکە ئاشناکردنی ئەم زمانە باڵایە بە هەموو ئەوکەسانەی کە دەیانەوێت بەدەر لە لایەنی فۆرمیی و کلێشەیی، لە دەرەوەی تونێلبینیی و دیدی پۆزەتیڤیستیی، بەر لایەنە میتافیزیکیی و فەلسەفییەکەی زمان بکەون.

٣-٠ پرسیارەکانی توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێت:

رەهەندی یەکەم: ئایا پۆزەتیڤیزمی زانستیی لەسەر چ بنەمایەک دیدگای «رێژەیی فۆرمیی» بۆ زمان دارشتووە، دیدگایەک ئەگەرچی لە فۆرمدا وا خۆی پیشاندەدات رێژەییە، بەڵام لە کرۆک و جەوهەردا وەک ئایدیۆلۆجیایەکی رەهاگەرایی خۆی شاردۆتەوە.

رەهەندی دووەم: لەبەرامبەر ئەم دیدە رێژەگەراییەی پۆزەتیڤیزم و مۆدێرنیزمدا، چ بەدیل و جێگەرەوەیەکی فەلسەفیی و مەعریفیی هەیە بۆئەوەی زمان وەک ئەوە بناسین کە خۆی هەیە، نەک وەک ئەوەی ئێمە دەیناسین و تەفسیری پرۆڤەینانەی بۆ دەکەین.

٤-٠ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ژێر تیشکی میتۆدی پێرینیاڵیزم- ترادیشناڵیزم- نووسراوە و میتۆدۆلۆجیای نێوان زانستەکان بەکارهاتووە.

٥-٠ سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە جیهانبینیی رێنێ گینۆ دەربارەی «پەیوەندیی نێوان زمان و موقەددەس» و ئیشکلیاتەکانی پۆزەتیڤیزمی زانستیی و زمانناسی مۆدێرن، هەروەکچۆن کەرەستەی توێژینەوەکەمان بەشێکی گرنگی بەرهەم و کتێبەکانی گینۆیە. لەگەڵ خستنەبەررەخنە و بەرباسی بەشێک لە بەرهەمی مۆدێرنیست و پۆست-مۆدێرنیستەکان.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٦-٠ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بەپلەی ئیمتیاز بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەی پێرینیاڵیزم یاخود «حیکمەتی نەمر» و لەناویشیاندا «ڕێنێ گینۆ» وەکو ئایکۆن و فیگەرێکی فەلسەفیی کاریگەر، دەروازەیەک بۆ زمانناسیی- فەلسەفیی و عیرفانیی زمان دەخاتەڕوو کە لە جەوهەردا جودایە لەگەڵ زمانناسی مۆدێرندا.

٧-٠ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم و لایەنی تیۆریی توێژینەوەدا «زمان و موقەددەس» خراوەتەڕوو تا دەگاتە ڕەهەندی ناوەکیی، دەرەکیی و غوربەتی زمان لە دونیای مۆدێرندا. لە بەشی دووەمدا «زمان لەنێوان غەیب و جیهانی بیندراودا» کارمان لەسەر تەماهیبوونی زمان و ئەو چەمکە سەرەکیانە کردووە کە گینۆ تیۆرایزی کردوون.

تەوەری **یەکەم: ڕەهەندی تیۆریی**

١-٣-١-١ زمان و موقەددەس:

لە ترادیسیۆنە دێرینەکاندا، زمان بەقووڵیی گرێدرابوو بە موقەددەسەوە، بەشێوەیەک زمان تەنها ئامرازێک نەبوو بۆ پەیوەندییکردن، بەڵکو پردێکبوو لە نێوان «مرۆڤ» و «جیهانی غەیب»دا، سیمبوڵیکیی «بوونی ڕەها» بوو لە کایەی مرۆڤایەتییدا، لە شارستانییەتە دێرینەکاندا وشەکان بەشێوەیەکی جەوهەریی پەیوەستبوون بە نۆرمەکانەوە، ئەو نۆرمانەی لەڕێگای دەنگی بانگ و چرکەساتی نوێژکردن و ڕیچواڵی دینییەوە بانگەوازی حەقیقەتێکی بان سرووشتیی و بان مرۆییان دەکرد، توێژینەوە لە نەریتە دینیە سەرەکییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زمان هەرگیز وەک سیستمێکی ئارەزوومەندانەی لە هێما و سیمبوڵەکان تێنەگەیشتووە کە لە ئیڤڵۆشنەوە(پەرەسندن)ێکی مرۆییەوە بەرمان کەوتبێت، بەڵکو دەربڕینێک بووە لە نەزمێکی گەردوونیی کە ڕەنگدانەوەی مێتافیزیک و بان سرووشتە، بۆ نموونە لە هیندەویزمدا مانتراکان دەبینین کە وەک دەنگی گەردوونیی سەیردەکرێن و هێزی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەیان هەیە (Coomaraswamy, 1943, 51)، یاخود لە کریستیانیزمدا چەمکی «لۆگۆس» هەیە کە پەیوەستبوو بە پەیڤیی خوداییەوە کە لە کریستیانیزمدا جەستەی وەرگرتووە، لەکاتێکدا لە ئیسلامدا قورئان وەک «پەیڤی خودا» لە هەردوو فۆڕمی وشەیی و واتادا تەماشا دەکرێ کە قودسییەتی زمان لە ستراکچەرە فۆنەتیکیی و سیمانتیکییەکەیدا دەردەکەوێت. هەروەکچۆن یەکەم چیرۆکی مرۆڤ وەک بوونێکی یونیک و جیاواز، لەو درەختەوە دەستپێدەکات کە لە بەیبڵدا بە درەختی «چاکە» و «خراپە» و «مەعریفە» ئاماژەی پێکراوە و لە قورئانی پیرۆزدا بە «درەختی ئەبەدییەت» وەسفکراوە.(علي حسين امين جبار، ٢٠٢٤، ١٧٨)، لەوێوە مرۆڤ بەر یەکەم چیرۆکی خۆی دەکەوێت کاتێک لەو درەختە دەخوات، ئەم درەختە لەیەککاتدا درەختی مەعریفە و درەختی ئەبەدییەتە، تەنها زمانیش قودرەتی وەسفکردنی ئەو درەختەی هەیە، چونکە ئێمە وەک بوونی ڕێژەیی مەحکوومین بە زمانمان.

بەڵام ئەم تێگەیشتنە قووڵە لە زمان لە لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزمی ڕۆژئاواییدا دەستی بە داکشان و پاشەکشەکرد، چرکەساتێک کە فێردیناند دی سۆسۆر لە کتێبی ( Cours de linguistique générale)دا، سیستمێکی ئینسانی دابڕاو لە خودا بۆ زماندا خستەڕوو و ناوی لێنا «سیستمی نیشانە»، ئەم چەمکە لەسەر بنەمای پەیوەندیەکی ئارەزوومەندانەی نێوان نیشاندەر و نیشانەکراودا بونیادنراوە (Saussure, 1916, 33). ئەم چەمکە سۆسۆریە زمانی لە هەموو ڕەهەندێکی مێتافیزیکیی یان ئیلاهیی دابڕاند و کردی بە سیستمێکی مرۆیی داخراو کە سنوورە کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکانی

تێناپەڕێنێت، ئەم دیدە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر زمانەوانیی، ئەنترۆپۆلۆجیی و فەلسەفەی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی دانا و ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤیستیی ترسناکی سەرپێخست کە زمان بە بەرهەمێکی تەواو مرۆیی دەزانێت دوور لە هەموو ڕەهەندێکی ئاسمانیی.

١-٣-١-٢ زمان لەنێوان موقەددەس و پرۆفەیندا:

ڕێنێ گینۆ بە چەکوشێکەوە دێت بۆ تێکشکاندنی ئەو بتەی لە ڕۆژئاوا ناوی لەخۆی ناوبوو (میتۆدی پۆزەتیڤیستیی)، چەکوشێک لەگەڵ یەکەم بەریەککەوتنیدا شۆک بۆ تەواوی ئەو میراتە درووست دەکات کە پۆزەتیڤیزمی زانستیی خۆیی و دیگا پرۆفەینەکەی ساڵانێکبوو شانازیی پێوەدەکرد، (پرۆفەین**profane** - مامەڵەکردن لەگەڵ (شتێکی موقەددەس)دا بە سووکایەتییکردن و بێڕێزییکردنەوە). گینۆ پێیوایە زمان، لە بنچینەی خۆیدا، لە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی مرۆڤەکانەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو دەرکەوتەی حەقیقەتێکی باڵا و موتڵەقە- زمان لە دیدی ئەم فەیلەسووفە پێرینیاڵیستەدا مانیفێستی ئەو وەحییە سەرەتاییە کە مرۆڤ وەکو یەکەیەکی ڕێژەیی بە موتڵەقەوە گرێداوە، لە کتێبەکەی، «سیمبوڵەکانی زانستی موقەددەس»دا، جەخت لەوە دەکاتەوە یەکەم دەنگ و (وشە) ڕێکەوتنی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو مانیفێست و دەرکەوتەی حەقیقەتێکی گەردوونیە(Guénon, 1995, 27)، واتا (وشە) نەک سیمبوڵێکی ئارەزوومەندانە نیە، بەڵکو دەنگدانەوەی لۆگۆسی خوداییە، ئەو وشە ئیلاهییەی کە گەردوون لە ڕێگایەوە هاتۆتەئاراوە، ئەم واتایە لەگەڵ ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بەتەواویی یەکدەگرێتەوە:

[إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (يس: ٨٢)]

واتا: خودای گەورە بیەوێ شتێك بەدیبهێنێت، فەرمانی تەنها ئەوەندەیە کە دەفەرمووێ: ببە یەکسەر ئەو شتە بەدیدێت.

لەم ڕوانگەیەوە زمانی قودسیی جیاوازە لە زمانی سیکیولار. زمانی قودسیی لە ڕیچواڵ و تێکستە ئیلاهییەکاندا ڕەگی داکوتاوە و توانای پاراستنی واتای ناوەکیی و بەستنەوەی بە موتڵەقەوە دەپارێزێت، لەکاتێکدا زمانی سیکیولار سیمبوڵیکیی خۆی لەدەستداوە و سەرقاڵە بە پرۆفەینەوە. گینۆ لە کتێبی «قەیرانی جیهانی مۆدێرن»دا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی قەیرانی جیهانی مۆدێرنە، بەوپێیەی وشەکان لە هێماسازییەکانیان زەوتکراون و بوونەتە تەنها ئامرازێک بۆ پەیوەندیی میکانیکیی (Guénon, 1942, 46). لە کتێبی «باڵادەستیی کەمینە و نیشانەکانی قیامەت-The Reign of Quantity and the Signs of the Time» جەخت لەوە دەکاتەوە کە داکشانی مۆدێرنیزم بە تایبەتیی بە «فلاتکردنی زمان» زمانی گۆڕی بۆ ئامرازێکی چەندێتیی و وەسفکەر کە ئاماژە بەو شتانە ناکات لە دەرەوەی ئەودایە. (Guénon, 1945, 112)، بۆنموونە ئەمڕۆ زمانی زانستی مۆدێرن گۆڕاوە بۆ هێماکانی ماثماتیک و فۆرمیولەی تەکنیکیی کە خاوەنی هیچ وزەیەکی مێتافیزیکیی نین.

سەید حوسەین نەصر پێیوایە ڕوانگەی گینۆ بۆ «زمانی موقەددەس» تەنها کاسە و جامێک نیە بۆ بەرهەمێنانی واتا، بەڵکو «لابردنی پەردەیە»، ئەو پەردەیەی کە (حەقیقەتی ڕەها)ی لە ناو زماندا شاردۆتەوە و هەر زمانیش ڕێگای بۆ دەکاتەوە تا دەربکەوێت (Nasr, 1981, 89). بەپێی ئەم تێگەیشتنەی نەصر، تێکستە دینییەکان تێکستێکی ئاسایی نین، بەڵکو چینی سیمبوڵیک و واتای

کەڵەکەبوون کە پێویستییان بە خوێندنەوەیەکی میتافۆڕیانە و قووڵ هەیە بۆ کەشفکردنی جەوهەر و حەقیقەتەکانیان، ئەمەش نزیکتری دەکاتەوە لە بۆچوونی سۆفییگەرە موسوڵمانەکان، بەتایبەت (ئیبن عەرەبیی) کە پێیوابوو پیت و وشەکان دەنگی بێگیان نین بەڵکو «جیهانێکی ئاخێوەر»ن و مانیفێستی سیفەتە ئیلاهییەکانن (ابن عربي، ١٩١١، ج١، ٢١٢). لێرەوەیە کە زمان بۆخۆی دەبێتە ئامرازی دەرخستنی غەیب لە جیهانی شهوودا.

ئەگەر سەرنجی مۆدێرنیزم و پۆزەتیڤیزمی زانستی بدەین بەروونی تێدەگەین کە دژ بەم دیدگا ترادیشناڵەیە بۆ زمان، بۆ نموونە مۆدێرنیست و ڕیفۆرمیستێکی وەکو نەصر حامد ئەبو زێد، کە کاریگەربوو بە مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی و لاهووتی مۆدێرن، لەبری ئەوەی قورئان وەکو تێکستێکی قودسیی و ترانسیندێنتاڵ ببینێ، وەک ماتریاڵێکی زمانەوانیی لە زمانی دەڕوانی، نەک هەرئەوە بەڵکو وەکو بەرهەمێکی کولتووریی و مێژوویی شرۆڤەی بۆ دەکرد (ابو زيد، ١٩٩٠، ٦٤)، ئەم بۆچوونە سادە و ساکارەی مۆدێرنیست و ڕیفۆرمیستەکان بەنموونەی ئەبو زێد لە دونیای عەرەبیی، پێش ئەویش محەمەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانیی و تاد.. لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنیزمی ڕۆژئاواییدا پێچەوانەی دیدگای ڕەسەنی ترادیشناڵیست و پێرینیاڵیستەکانە، بێگومان لە دونیای ڕۆژئاوای مۆدێرندا، ئەم تێگەشتنە مێژووگەراییە مێژووەکەی قووڵترە. گینۆ پێیوایە تێکستە قودسییەکان نەک لە مێژوودا قەتیس و خنکاو نین، بەڵکو کاریگەریی وەحیی سەرەتاییان هەڵگرتووە. ئەم پارادۆکسە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لە چەمکی سرووشتی زماندا ئاشکرا دەکات کە ئایا بونیادێکی کولتووریی- کۆمەڵایەتیی- مێژووییە یان دەرکەوتەیەکی مێتافیزیکییە کە سنووری زەمەن و فەزا تێدەپەڕێنێت کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامگۆ بێت.

١-٣-١-٣ مۆدێرنیزم و نا-بێلایەنیی زمان:

گینۆ دەگاتە ئەو ئەنجامەی لەناوچوونی زمان لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا ڕەنگدانەوەی لەناوچوونی مەعنەوییەت و ڕۆحانییەتە. لای ئەم فەیلەسووفە زمان لەوەکەوتووە بێلایەن بێت، بەڵکو لەقووڵاییەوە گرێدراوە بە موقەددەسەوە، بۆیە تا سیمبوڵایزەکردنی لاوازتر بێت، ڕۆحانییەتیش لاوازتر دەبێت و تا زیاتر سیمبوڵکیانە و ئۆبجێکتیڤانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، پەیوەندییکردنی لەگەڵ موتڵەقدا زیاتر دەبێت، بەم فۆڕمە، زمان بۆ گینۆ تەنها نابێتە سەبجێکتێکی زمانەوانیی یان ئامرازێکی کردەکیی بۆ درووستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی، بەڵکو دەبێتە خاڵی جەوهەریی بۆ بەستنەوەی حەقیقەتی شتەکان بە ناولێنانیانەوە، چونکە لە دید ئەودا وەکچۆن شتەکان حەقیقەتێکیان هەیە، بەوشێوەیەش ناولێنانیان پەیوەندیی ناڕاستەوخۆ، هەندێکجاریش ڕاستەوخۆیان هەیە بە کرۆکی ئەو حەقیقەتەوە، هەروەها جیهانبینیی گینۆ یارمەتییماندەدات بۆ تێگەیشتن لە «قەیرانی واتا» لە جیهانی مۆدێرن و پێویستبوونی بۆ پەیوەستکردنەوەی بە حەقیقەتی مێتافیزیکی باڵاوە.

١-٣-١-٤ ڕوانگەی گینۆ بۆ زمان – مێتافیزیک و سیمبوڵیزم:

تێڕوانینی ڕێنێ گینۆ بۆ زمان لەسەر بنەمایەکی مێتافیزیکیی بونیادنراوە کە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەگەڵ دیدی پۆزەتیڤیزم و زمانەوانیی مۆدێرندا هەیە، ئەو زمان تەنها بە بەرهەمی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵایەتیی یان کەڵەکەبوونی مێژوویی نازانێت، بەڵکو وەکو دەربڕینی نەزمێکی گەردوونیی تەماشای دەکات کە مرۆڤایەتیی تێدەپەڕێنێت، لای ئەو دەنگ و وشەکان بێلایەن نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ستراکچەری بوونن. بۆیە نێوان پەیوەندیی «زمان» و «سیمبوڵیک» شا ڕەهەندی جیهانبینیی گینۆیە. ئەو پێیوایە زمان تەنها بۆ دەربڕینی پێداویستییەکانی بە مرۆڤ ئامادەگیی نیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بیرخستنەوەی ئەو حەقیقەتەی کە مرۆڤی بە ئاسمانەوە گرێداوە، تێگەیشتن لە سیمبوڵیک، بۆ گینۆ

پێویستی بە پشکنینی زمان هەیە لەسەر چەندیین ئاستدا، وشەیەک تەنها نیشانەدەر نیە کە ئاماژە بە نیشانەکراوێک بکات؛ بەڵکو نیشانەیەکە و لەناو خۆیدا ئەگەری کردنەوەی ئاسۆی فراوانتری هەیە بۆ ئاستە قووڵەکانی ناوەوە، لەبەرئەمەیە کە جەخت لەوە دەکاتەوە تێکستە قودسییەکان و نۆرمە دینییەکان ئاستی کلێشەیی تێدەپەڕێن و پێویستییان بە خوێندنەوەیەکی بان فۆڕم و عیرفانیی هەیە، ئەم دیدگایەی گینۆ ئیزافەیەک نیە بۆ تێکستەکان، بەڵکو بەشێکە لە بونیادە ڕەسەنەکانیان. ( Guénon, 1995, 45).

١-٢-١-٤ جیهانی ئاخاوتن و نهێنیی ئیلاهیی:

سەید حوسەین نەصر پێیوایە ئەم دیدەگایە «زمانی قودسیی» دەکاتە «پەردەیەک کە هەم حەقیقەتی ڕەها دەشارێتەوە و لەهەمانکاتدا لە ڕێگای خوێندنەوەی سیمبوڵیکیانەوە کەشفی دەکات» (Nasr, 1981, 89). «وشەی قودسیی» لە واتای ڕواڵەتی خۆیدا سنووردارنیە بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ واتای ڕۆحیی کە لە ڕێگای تێڕامانی قووڵ و قەدرزانیەوە لێیتێدەگەین، ئەم تێگەیشتنە هاوشێوەی تێگەیشتنی ئیبن عەرەبیە کە پێیوایە «جیهانی ئاخاوتن» و «نهێنیی ئیلاهیی» لە وێنەی زمانەوانییدا دەرکەوتوون، بۆیە لای گینۆ «وشەی قودسیی» بونیادێکی مرۆیی بەرێکەوت نیە، بەڵکو بوونێکی ئۆنتۆلۆجییە کە هەردوو ڕەهەندی موتڵەق(ڕەها) و ترانسیندێنتاڵ(باڵا)ی هەڵگرتووە.

لە بەرامبەردا ئەوەی ئێستا دەیبینین زاڵبوونی مۆدێرنیزمە کە زمانی لە سیمبوڵیک بەتاڵ کردووەتەوە، گینۆ لە کتێبەکەیدا، «حوکمی کەمینە و نیشانەکانی ئاخرزەمان- کۆتایی دونیا» ئەومان بۆ ڕووندەکاتەوە کە دیارترییم لەناوچوونی ڕۆحیی لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا بریتییە لە «فلاتکردن و لووسکردنی زمان»، ئەویش لە کورتکردنەوەی بۆ ئامرازێکی کۆانتیتی و وەسفکەر (Guénon, 1945, 112). زمانی پۆزەتیڤیزمی مۆدێرن نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە؛ زمانێکی فۆرمیولەکراو کە سنووردارە بە وەسفکردنی دەرەکیی و دوور لە هەر ڕەهەندێکی سیمبوڵیکیی، واتا زمان بووەتە ئامرازێکی تەکنیکیی ڕووت و لە ئەرکە ڕەسەنەی خۆی دابڕاوە کە بەستنەوەی جیهانی ڕێژەییە بە موتڵەقەوە. ئەم لەناوچوونە نەک تەنها قەیرانی زمان، بەڵکو قەیرانی مۆدێرنەیە، چونکە سیمبوڵیزم و مێتافیزیکی خستۆتە خزمەت بەرژەوەندیی کەمینەیەکی خاوەن هەژموون.

١-٢-١-٥ زمان وەک دەرکەوتەیەکی مێتافیزیکیی:

بۆ گینۆ گرنگیی سیمبوڵیک لە توانای ئاشکراکردنی ئەو شتانەدایە کە ناتواندرێت ڕاستەوخۆ بگوترێن، سیمبوڵ ڕازاندنەوەیەکی زیادە نیە بۆ زمان، بەڵکو «شێوازێکە بۆ وتنی ئەوەی کە لە دەرەوەی وتنە»، بۆ ئەو «زمانی سیمبوڵیی» لەگەڵ هێما گەردوونییەکانیتردا یەکدەگرێتەوە، «فۆڕم، ژمارە، ڕیچواڵ و ئاماژە و تاد..» هەموو ئەمانە ئامرازن بۆ ئاماژەدان بەو حەقیقەتە ڕەهایەی کە لە پشت پەردەوە ئامادەگیی هەیە، بۆیە پێیوایە گێڕانەوەی ڕەهەندی سیمبوڵیکییانەی زمان پێویستییەکی حەتمییە بۆ پەیوەستکردنەوەی مرۆڤ بە ترانسیندێنتاڵەوە (Guénon, 1995, 97). ئەمە وای لە گینۆ کرد ڕەخنەی توند و ڕیشەیی لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بگرێت کە زمانی تەنها لە ئامرازی پەیوەندییکردندا کورت کردۆتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی خستمانەڕوو، چەمکی زمانی گینۆ لەسەر سێ پایەی سەرەکیی بونیادنراوە:

یەکەم: زمان دەرکەوتە و مانیفێستی مێتافیزیکییە نەک ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیی ئارەزوومەندانە.

دووەم: وشەکان بە خوێندنەوەی سیمبوڵیکییانە، حەقیقەتی ناوەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن.

سێیەم: لەدەستدانی سیمبوڵیزمی زمان بە واتای لەدەستدانی ئەرکی ئۆنتۆلۆجیی زمانە.

بۆ گینۆ هەموو شتێک لە گەردووندا سیمبوڵیکە و ئاماژە بەو شتانە دەکات کە لەودیوەوەیە، زمانیش بەشێکە لەم پەیکەری هێما گەردوونیە، بەم واتایە زمان تەنها بابەتێک نیە بۆ توێژینەوەی زمانەوانیی، بەڵکو کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی مرۆڤی مۆدێرنیش، گینۆ ڕادەی نامۆبوونی مرۆڤی نوێ بە موقەددەس ئاشکرا دەکات کاتێک زمانی دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازێکی تەکنیکی بێکاریگەر و سەربەخۆ، پێیوایە چاکسازیی لە پەیوەندیی نێوان «مرۆڤ» و «زمان»دا بەشێکە لە چاکسازیی لە پەیوەندیی نێوان «مرۆڤ» و «حەقیقەتی باڵا»، ڕزگارکردنی زمان لە ڕووکەشیی و کڵێشەییبوون، هەنگاوێکی جەوهەرییە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح لە سەرگەردانیی و لەناوچوون.

١-٣-٢-١ گینۆ و نووسەرە مۆدێرنیستەکانی زمان:

کاتێک تێڕوانیینی ڕێنێ گینۆ بۆ زمان بەراورد دەکەین بە تێڕوانیینی نووسەر و بیریارە مۆدێرنیستەکانی زمان، جیاوازیی لە خاڵی دەستپێک و دەرەنجامەکانیاندا ڕوون دەبێتەوە، زمان لای گینۆ لە چەمکێکی مێتافیزیکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە مانیفێستی موتڵەقە، لەکاتێکدا زۆربەی بیریارانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەم و تائێستاش میتۆدی «هەڵوەشاندنەوە، بوونگەرایی، یان شیکاریی» بۆ زمان پەیڕەودەکەن کە زمان لە هەر بنەچەیەکی قودسیی دادەبڕێت، ئەم پارادۆکسە، توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان جیهانبینیی ڕێنێ گینۆ و ئەم بیریارانە دەکاتە خاڵێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە کۆی پرۆژەی فەلسەفی قوتابخانەی پێرینیاڵیزم «حیکمەتی نەمر» و هەروەها تێگەیشتن لەو جیاوازییە جەوهەرییەی کە لەگەڵ میتۆدی مۆدێرنیزمدا هەیەتی.

کاتێک هایدیگەر لەکتێبی «شیعر، زمان، فیکر- *Poetry, Language, Thought*» دەڵێت زمان ماڵی بوونە و تەنها ئامرازێک نیە بەڵکو فەزایەکە کە بوون تێیدا خۆی دەردەخات ( heidegger, 1971, 193). ئەم میتۆدە هایدیگەریە، لە فۆڕمدا نزیکە لە میتۆدی گینۆوە، بەڵام جیاوازیی ڕیشەیی لەوێدایە کە هایدیگەر زمان دەبەستێتەوە بە ئاشکراکردنی بوون لە چوارچێوەی ئاسۆی «کات» و «مێژوو»دا، لەکاتێکدا گینۆ زمان بە مێتافیزیک و ترانسیندێنتاڵ دەبەستێتەوە کە کات و مێژوو تێدەپەڕێنێت، زمان لای هایدیگەر پەیوەستە بە دەرکەوتنی وردە وردەی بوون لە ئەزموونی مرۆڤدا، لەکاتێکدا بۆ گینۆ مانیفێستبوونێکی ڕەسەنانەی (حەقیقەتی ڕەها)یە. هەرچەندە لە ڕەخنەی هەردووکیاندا لە چەمکی ئامرازییبوونی زماندا لێکچوون هەیە، بەڵام هایدیگەر لە ئاسۆی فەلسەفەی بووندا دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا گینۆ پشت بە مێتافیزیکی ترادیشناڵ دەبەستێت.

لەم نێوەندەدا ئایکۆنێکی وەک لودویگ ڤیتگنشتاین هەیە کە لە کتێبی (Tractatus Logico-Philosophicus)دا دیدگای خۆی بۆ زمانی وەک نوێنەرایەتییکردنی واقیع خستۆتەڕوو، کە ڕستەی زمانەوانیی ڕەنگدانەوەی حەقیقەتە لۆجیکییەکانە (Wittgenstein, 1922, 45)، لە بەرهەمەکانی دواتریدا، بە تایبەت «توێژینەوە فەلسەفییەکان»، زمانی وەک گەمەیەک تەماشادەکرد کە یاساکانی بە کۆنتێکست و لایەنی کۆمەڵایەتیی کۆنترۆڵکراوە (Wittgenstein, 1953, 67)، بێگومان میتۆدەکەی ڤیتگنشتاینیش جیاوازە لە دیدگای گینۆ، ڤیتگنشتاین زمان بچووک دەکاتەوە بۆ پراکتیزەیەکی مرۆیی بە یاسا ئاساییەکان، لای ڤیتنگشتاین زمان دابڕاوە لە هەر ڕەهەندێکی ڕەمزیی یان قودسیی، بەڵام بۆ گینۆ ئەمە بچووکردنەوە و دابڕاندنێکی مەترسیدارە، چونکە زمان گەمەیەکی ئارەزوومەندانە نیە، بەڵکو بوونێکە کە کاریگەریی قووڵی وەحیی لەسەرە، ئالێرەدایە گینۆ پێیوایە ئەم جۆرە میتۆدانە ڕەنگدانەوەی دارمانی فیکری ڕۆژئاوای مۆدێرنن کە مرۆڤایەتییان لە ڕەگ و ڕیشەی مێتافیزیکیی دابڕاندووە خستوویانەتە لێواری وێرانبوونی یەکجارەکیی.

چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، مۆدێرنیست و نیۆمۆدێرنیستەکان بەردەوام دەبن لە وێرانکردنی ڕەهەندی سیمبوڵیکیی و مێتافیزیکیی زمان، دێریدا چەمکی «جیاوازیی» دەخاتەڕوو، لای ئەو تێکستەکان هەڵگری واتایەکی جێگیر نین بەڵکو تۆڕێکی ناکۆتای ئاماژەن (Derrida, 1967, 25). لای دێریدا زمان فەزای ئاوارەبوونە و «واتا»ش ناجێگیرە، ئەم دیدە بەتەواویی دژی دیدگای گینۆ کە پێیوایە زمان لە جەوهەردا هەڵگری ڕەهەند و واتای ڕەسەن و جێگیرە. گینۆ جێگرەوەیەکی مێتافیزیکیی دەخاتەڕوو کە ڕووبەڕووی قەیرانی زمانی مۆدێرن دەبێتەوە، لەکاتێکدا فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەبارەی زمانەوە بوونی بنەچەیەکی جێگیر ڕەتدەکاتەوە، بەڵام گینۆ پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە بنەچە لە لۆگۆسدایە و کاریگەریشی لەسەر زمانی موقەددەس هەیە، لەکاتێکدا پۆزەتیڤیستەکان زمان وەک ئامراز یان گەمەیەک تەماشا دەکەن، هەرچی گینۆیە زمان وەک پردێک دەبینێت لە گەشتی موتڵەقدا، بەمجۆرە جیهانبینیی گینۆ تەنها لە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیزم کورت نابێتەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە زمان وەک ئامرازێک بۆ بەستنەوەی مرۆڤ بە حیکمەتی نەمر و حەقیقەتی موتڵەق(ڕەها) دەخاتەڕوو.

١-٣-٢-٢ زمان و وەحیی:

گینۆ پێیوایە پەیوەندیی نێوان «زمان» و «وەحیی» پەیوەندییەکی جەوهەرییە، پەیوەندییەکە لێکجیاکردنەوەیان مومکین نیە، «وەحیی خودایی» تەنها لە فۆڕمی بیرۆکەی ئەبستراکت یان واتای فیکرییدا خۆیمان بۆ دەرناخات، بەڵکو بە پلەی یەکەم لە «زمانی موقەددەس»دا دەردەکەوێت، زمان لێرەدا بڵندگۆیەکی دەرەکیی نیە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە سرووشتی وەحیی. بۆیە تێگەیشتن لە وەحیی لە تێگەیشتنە لە زمانە ڕەسەنەکەی! بە بڕوای گینۆ، پەیڤ و دەربڕینی خودایی تەنها سیمبوڵ و هێمایەکی ئارەزوومەندانە نیە کە بۆ گەیاندنی واتایەک لە واتاکان هەڵبژێردراوە، بەڵکو هەر پەیڤێک خاوەنی ئەرکێکی ئۆنتۆلۆجییە کە جارێک زمان دەکاتە هەڵگری (حەقیقەتی ڕەها) و جارێکیتر هەمان حەقیقەت مانیفێست دەکاتەوە(Guénon, 1995, 73).

لەم ڕوانگەیەوە «تێکستی موقەددەس» لەناو پێکهاتەی زمانەوانیی خۆیدا هەڵگری هێزێکی ڕۆحیی جیاوازە، چونکە تێکستی موقەددەس دەربڕینێکی ئارەزوومەندانە نیە بۆ واتا، بەڵکو مانیفێستی غەیبە، ئەمەش پێداگریی ترادیسیۆنە دینییەکان لەسەر قودسییەتی زمانی وەحیی دووپات دەکاتەوە، بۆ نموونە ناتوانین هەروا بە ئاسانیی لە «قورئانی پیرۆز» تێبگەین کە بیرکردنەوەیەکی خودایە و لە ڕێگای زمانێکی مێژوویی وەکو عەرەبیەوە پێمانگەیشتووە. بەڵکو ئێمە وەک «پەیڤی ئیلاهیی» تەماشای قورئان دەکەین هەم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیی و هەم لە قووڵایی سیمانتیکی خۆیدا، بە جۆرێک کە زمانی عەرەبیی خۆی بۆتە زمانێکی موقەددەس، ئەمەش ئەو دیدگایەی فەلسەفەی ئیسلامیی ڕووندەکاتەوە کە بۆچی وەرگێڕانی قورئان وەک جێگرەوەیەک بۆ تێکستی ڕەسەن ڕەتبکەینەوە، چونکە وەرگێڕان چەندە ڕاست و ورد بێت، هێشتا ناتوانێت ئەو وزە مێتافیزیکییە بگەیەنێت کە لە پەیڤ و وشە ڕەسەنە عەرەبییەکاندا هەیە (Guénon, 1942, 88)، هەمان شت بۆ نۆرمەکانیتریش ڕاستە.

١-٣-٢-٣ زمان لەنێوان غەیب و جیهانی بیندراودا:

بۆ تیگەیشتن لەم تۆپیکە، جارێکیتر دەگەڕێینەوە بۆ هیندەویزم، لە ترادیسیۆنی هیندەویزمدا، ڤێداکان بە تێکستی خودایی دادەنرێن و ئەو زمانە سانسکریتەی کە تێیدا دەرکەوتووە، تەنها زمانێکی مرۆیی نیە، بەڵکو زمانێکی گشتگیرە و ڕەهەندێکی قودسیی هەیە، مانترا سانسکریتییەکان تەنها وەک «تێکستی سیمبوڵیک» تەماشاناکرێن، بەڵکو وەک دەنگی گەردوونیی تەماشادەکرێن، بەجۆرێک کە خوێندنەوەی ئەوان هەمان حەقیقەتی نەبینراومان بیردەهێنێتەوە (Coomaraswamy, 1943, 51)، بەم واتایە زمان میدیۆمێکی سادە و ڕۆژانەیی نیە بۆ وەحیی، بەڵکو فۆرمێکە لە بوونی خۆی لە جیهاندا، ئەمەش وایکردووە گینۆ یەکێتیەکی مێتافیزیکیی لە نێوان نۆرمە جیاوازەکانی ئایندا ببینێت لەسەر

بنەمای قودسییەتی ئەو زمانەی تێکستەکان تێیدا دەردەکەون. نەصر پێیوایە ناکرێ «وەحی» لە زمانەکەی جیا بکرێتەوە، چونکە «زمانی قودسیی» وەکو ئەو پۆشاکە وایە کە لەڕێگایەوە حەقیقەت دەرکەوێت، بۆیە تەنها کاتێک دەتوانین لە واتای ناوەوە تێبیگەین کە لەم پۆشاکەدا نوقم بین (Nasr, 1981, 115)، لێرەدا شرۆڤەکردنمان تەنها لە واتای ڕواڵەتیی تێکستەکدا سنووردار نیە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ قەدرزانینی دەنگ و وێنە و ڕیتمەکان کە شوێنەواری غەیبیان هەڵگرتووە، ئەم تێگەیشتنە ڕەنگدانەوەی دیدێکی هەمەلایەنەیە کە زمان خۆی دەکاتە بەشێک لە سروشتی وەحی، نەک تەنها ماشێنێک بۆ گواستنەوەی داتا و زانیاریی.

یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەم چەمکە لای ئیبن عەرەبیی دەبینرێت کە پێیوایە قورئان بوونەوەریی ڕۆحییە و وشەکانی ناو و سیفاتەکانی خودایان هەڵگرتووە، لای ئیبن عەرەبیی «زمانی قورئان» بونیادێکی مەبەستداری ئیلاهیی لەپشتەوەیە فۆرمیولەیەکی تێپەڕ، ئەمە دیدگایەی ئیبن عەرەبیی زۆر لە بۆچوونی گینۆ نزیکە کە پێیوایە ناکرێ تێکستە قودسییەکان بەپێی لۆجیکێکی زمانەوانیی ڕووت و مۆدێرنیستانە شرۆڤەبکرێن، چونکە ئەم تێکستانە بە واتای ئەدەبیی و زمانەوانیی «تێکست» نین، بەڵکو مانیفێستی وەحیین لە فۆرمی زمانەوانییدا، تایبەتمەندیی زمان لەگەڵ وەحییدا تەنها لە ئاستی واتادا سنووردار نیە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ئاستی فۆنەتیکیش، بۆنموونە خوێندنەوەی قورئان تەنها خوێندنەوەی وشەکان نیە، بەڵکو کردەیەکی ڕیچواڵانەیە کە هێزی ڕۆحیی و مەعنەویی هەیە، لای گینۆ ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی مێتافیزیکیی زمانە کە دەنگەکان بەشێکن لە پێکهاتەی وەحیی، بۆیە هیچ وەرگێڕانێک ناتوانێت جێگای تێکستی ئۆریجناڵ بگرێتەوە، ڕاستە وەرگێڕان واتای ڕواڵەتی تێکست دەگەیەنێت، بەڵام ناتوانێت ئەو کاریگەرییە ڕۆحییە بگەیەنێت کە لە دەنگەکاندا هەیە (Guénon, 1942, 88)، هەروەکچۆن لە ڕیچواڵی هیندەوزیمدا، مانتراکان وەک تێکستی وەرگێڕدراو تەماشا ناکرێت، بەڵکو وەک دەنگی قودسیی مامەڵەیان لەگەڵدادەکرێ کە گوزارشت لە زمانی ڕەسەنی خۆیان دەکات.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زمان لای گینۆ بڵندگۆیەکی دەرەکیی نیە بۆ وەحیی، بەڵکو بونیادی جەوهەریی و دەنگی ژێرەوەیەتی، وەحیی لە فۆرمی زمانی قودسییدا خۆی دەردەخات و زمانیش لەو تەجەللابوونەدا قودسییەتی خۆی وەردەگرێت، کاتێک مرۆڤەکان لەگەڵ تێکستە قودسیەکاندا تەماهیی دەبن، تەنها بەر وشەکان ناکەون، بەڵکو بەر ئامادەگیەکی ئیلاهیی دەکەون کە لە ڕێگای وشەکانەوە مانیفێست بووە.د، ئەمەش زمان دەکاتە پردێک لە نێوان «غەیب» و «جیهانی بینراو»دا، پردێک لە نێوان «موتڵەق» و «ڕێژەیی» و «خودا» و «مرۆڤ»دا، بۆیە لەدەستدانی ڕەهەندی قودسیی زمان، لەدەستدانی وەحیی و بەتاڵکردنەوەی تێکستەکانە لە دۆمەینی مێتافیزیکیی خۆیان.

١-٣-٢-٤ زمان وەک پردێک بۆ «(حەقیقەتی ڕەها)»:

کاتێک مامەڵە لەگەڵ کۆدیدگای ڕێنێ گینۆ بۆ زماندا دەکەین، لە پرۆژە فەلسەفییەکەیدا بابەتی بەشەکیی بوونی نیە، بەڵکو دەروازەیەکی دیدێکی گشتەکیی هەیە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی «مرۆڤ» بە «موتڵەق»ەوە، زمان لای ئەو تەنها بونیادێکی کۆمەڵایەتیی یان ئامرازێکی سادەی پەیوەندییکردن نیە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی مێتافیزیکیی حەقیقەتی ئەزەلییە، ئەو حەقیقەتەی کە بوونە فۆڕمییەکەی ئێمەی خستۆتە نێو دۆمەین و جیهانی فیزیکەوە، هەر وشەیەک و هەر سیمبوڵێک و هەر دەنگێک شوێنەواری ئەو وەحییە پرایمۆردیاڵ و ڕەسەنەیە کە مرۆڤایەتیی بە ئاسمانەوە دەبەستێتەوە (Guénon, 1995, 97)، بۆیە ئەو قەیرانەی کە ڕووبەڕووی جیهانی مۆدێرن بۆتەوە، تەنها لە ڕووی کردەییەوە پەیوەندیی بە زمانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە پچڕانی مرۆڤایەتییەوە هەیە لە ڕەگ و ڕیشە ترانسیندێنتاڵەکانی «بوون»، زمانی قودسیی لای گینۆ نوێنەرایەتیی ئەو دەروازەیە دەکات لە جیهانی ڕێژەییەوە بۆ جیهانی موتڵەق گەشت دەکات.

ئەوە تەنها دەنگەکان نین کە لە ڕیچواڵەکاندا دەخوێندرێنەوە، بەڵکو پردی ڕۆحیین کە مرۆڤایەتیی دەگەڕێننەوە بۆ سەرچاوەی خۆی، کاتێ ئیماندارێک قورئان دەخوێنێتەوە، یان مانترا و هەر تێکستێکیتری قودسیی دەخوێنێتەوە، ئاکتێکی زمانەوانیی ئاسایی ئەنجام نادات، بەڵکو کردەیەکی مێتافیزیکیی ئەنجام دەدات کە پەیوەندیی بە موقەددەسەوە هەیە (Nasr, 1981, 115)، بەم واتایە زمان ئامرازێکە بۆ مانیفێستبوون و دەرکەوتن، گینۆ بەم ڕەهەندە ڕیچواڵییە قایل نیە، لەبری ئەوە دیدگا تراديشناڵەکەی خۆی فراوانتر دەکات و زمان دەکاتە چاویلکەی تێگەیشتن لە قەیرانی شارستانییەتی مۆدێرن

١-٣-٢-٥ زمان و قەیرانی شارستانییەت:

گینۆ دەڵێت کاتێک زمان دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی تەکنیکیی و ڕەهەندی سیمبوڵیکیی خۆی لەدەست دەدات، ئالێرەدا مرۆڤ خۆی لە غەیب دادەبڕێت و تەسلیمی توێکڵ و ڕواڵەتی شتەکان دەبێت. ئەمەیە کە ئەو لە شاکارەکەی خۆیدا «هەژموونی کەمینە» یان «حوکمی کەمینە» زمان بە «لوسکردن» یاخود «فلاتکردن» ناودەبات- واتە لەدەستدانی قووڵیی هێما لە بەرژەوەندیی کەمینەیەدا ( Guénon, 1945, 112). بە پێچەوانەوە، کاتێک زمان دەگەڕێتەوە بۆ فۆڕمی ڕەمزیی خۆی، مرۆڤ قودرەتی پەیوەندیی لەگەڵ موتڵەقدا بەدەست دەهێنێتەوە، هەربۆیە لە ڕوانگەی گینۆدا چاکسازیی لە زماندا چاکسازییە لە ڕۆحدا. بۆیە ڕەخنە لە هەر میتۆدێک دەگرێت کە زمان تەنها بۆ بونیادێکی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی یاخود تێکستێکی مێژوویی کورت بکاتەوە.

لێرەوە زمان نەک تەنها ئامرازێک نیە بۆ پەیوەندیی نێوان کولتوورەکان، بەڵکو فەزایەکە کە تێیدا پەیوەندیی نێوان خود و ئەویتر و موتڵەق بونیاد دەنرێتەوە، کاڵن لە کتێبەکەیدا « *Barbar, Modern, Medeni*»، «بەربەر، مۆدێرن، مەدەنیی» جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان نوێنەرایەتیی ئاوێنەیەک دەکات بۆ دیدگای ئەویتر، بچووکبوونەوەی زمان بۆ ڕەهەندێکی ئامرازیی ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی شارستانیی گشتگیرە (2017, 167). ئەم یەکتربڕینە لەگەڵ دیدگای گینۆ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زمان پرسێکی فەلسەفیی ئەبستراکت نیە، بەڵکو پرسێکی شارستانیە کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خود و ئەویتر و ڕەها پێناسە دەکات. ناکرێ هیچ دایەلۆگێکی ڕاستەقینەی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا بەدیبێت بەبێ زمان وەک ئامرازێک بۆ گفتوگۆی ڕەمزیی و ڕۆحیی(kalin, 2007, 213)، بە کورتیی، لە دیدگای گینۆوەوە، زمان نە تەنها دراوێکی ئارەزووەمەندانەیە و نە بونیادێکی کولتووریی رووتە، بەڵکو شارێگای گەیشتنە بە «(حەقیقەتی ڕەها)»، ئەگەر جیهانی مۆدێرن زمانی لە ئەرکی ئامرازی خۆیدا کورت کردبێتەوە، ئەوە گەڕاندنەوەی ڕەهەندە قووڵ و سیمبوڵیکیی و باڵاکەی مەرجێکە بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤایەتیی، بەم فۆڕمە جیهانبینیی گینۆ بانگەوازێکە بۆ گەڕانەوەی زمان بۆ ئاسۆی مێتافیزیکیی خۆی، ئاسۆیەک کە وشەکان دەبنە ئاوێنەی حەقیقەت و دەنگەکان دەبن بە بڵندگۆی غەیب و تێکستە قودسییەکانیش دەبن بە شایەتحاڵی ئامادەگیی و حزووری خودان لە جیهاندا.

١-٣-٢-٦ زمانی قورئانیی و سیمبوڵیزم:

لە دیدی گینۆدا، ئەگەر زمان دەرکەوتەیەکی مێتافیزیکیی (حەقیقەتی ڕەها) بێت، ئەوا تێکستی قورئان شەبەنگێکی کامڵە بۆ دەرکەوتن و تەجەللابوونی ئەم حەقیقەتە. قورئان تەنها تێکستێکی زمانەوانیی ئاسایی نیە کە وەک هەر گوتارێکی ئەدەبیی یان کولتووریی تەماشابکرێ و لێکدانەوەی بۆبکرێ، قورئان «وشەی خودا»یە هەم لە ئاستی مۆرفۆلۆجیی و هەم لە سیمانتیکی خۆیدا، بە واتایەکیتر زمان خۆی بەشێکە لە سرووشتی وەحیی نەک تەنها هەڵگر و گوێزەرەوەی وەحیی. تێکستی قورئان چەندیین چینی واتا لەخۆدەگرێت، بۆیە تەئویل و لێکدانەوە سنووری ڕواڵەتی تێکستەکان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تێدەپەڕێنێت و درێژدەبێتەوە بۆ واتای قووڵتر (طباطبائی، ١٩٧٢،. ج١، ٣٥). ئەمە بۆچوونە لەگەڵ دیدگای گینۆدا هاوتەریبە کە پێیوایە تێکستە قودسییەکان وادارێژراون کە بە شێوەی چیندار بخوێنرێنەوە، بەجۆرێک هەر نەوەیەک و هەر خوێنەرێک بتوانێت واتای نوێیان لێدەربهێنێت بەبێ ئەوەی لە گەنجینە ڕەمزییەکەی کەم بکاتەوە.

لەباری شارستانیەوە «زمانی قورئان» نوێنەرایەتیی بناغەی شوناسی کارەکتەری موسڵمان دەکات و بە درێژایی سەدەکان لە سایەی بەردەوامی بەکارهێنانی ئەم تێکستە قودسییە لە ڕیچواڵی ڕۆژانەدا ڕەمزییەتی خۆی پاراستووە، لێرەوە قورئانیش وەکو «زمانێکی قودسیی» تەنها ئامراز نیە بەڵکو پایەی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندیی لەگەڵ موتلەقدا، بۆ نموونە نوێژ کە ڕۆژانە تێیدا ئایەتەکانی قورئان بەدەنگ دەخوێندرێتەوە، پەیوەندیی نێوان «مرۆڤ» و «وەحیی» پتەوتر دەکات. بێگومان ڕەهەندی فۆنەتیکیی زمان ڕەنگدانەوەی چەمکی فراوانتری گینۆیە بۆ سیمبولیزمی گەردوونیی، دەنگ، بە ڕیتمەکەیەوە، نمایندەیەکی سیمبوڵیکیی بۆ جوڵە و حەرەکەتی گەردوون دەکات، «وشەی وتراو- دەربڕدراو» تەنها ئاماژەیەکی زمانەوانیی نیە، بەڵکو دەرکەوتنی بوونە لە ڕاستەوخۆترین فۆڕمی خۆیدا، ئەمەیە کە زمانی موقەددەس لە زمانی پرۆفەین جیادەکاتەوە، یەکەمیان هەڵگری وزەی دەنگیی و ڕۆحییە، لەکاتێکدا دووەمیان سیخناخە بە ئاماژەی پەیوەندییکردن، ئێمە ناتوانین لە «ڕیچواڵی دینیی» تێبگەین بەبێ تێگەیشتنی ئۆنتۆلۆجیانە لە «وشەی وتراو- دەربڕدراو»، لێرەوە بانگەواز بۆ نوێژ و خوێندنەوەی لە فۆڕمی فۆنەتیکییانەدا، بەستنەوەی ڕۆحی دەستەجەمعیی کۆمەڵگایە بە موقەددەسەوە (Kalin, 2007, 2014)، بۆیە لەدەستدانی ڕەهەندی سیمبوڵیکییانەی دەنگ هۆکارە بۆ لێسەندنەوەی ڕۆحی دینیی و کردنی بە پراکتیزەیەکی ڕووکەش، واتا ڕەهەندی فۆنەتیکیانەی ڕیچواڵی دینیی، مەرجێکە بۆ بەردەوامبوونی قودسییەت لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، کەواتە هەر هەوڵێک بۆ دابڕاندنی تێکستە قودسییەکان لە نۆرمە فۆنەتیکییەکانیان، یان مامەڵەکردن لەگەڵ زمان تەنها وەک تێکست و نووسیین، لە ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکەی کەمدەکاتەوە.

١-٣-٣-١ زمان وەک پێوەری قەیرانی واتا لە دونیای مۆدێرندا:

لایەنێکیتری زمانناسیی لەلای گینۆ ئەوەیە کە ئەو تەنانەت وەکو ماشێنێکی مەعریفییش تەماشای زمان نەکات، بەڵکو پێیوایە زمان بونیادێکی سەرەکیی و بنەڕەتیی شوناسی شارستانییەتەکانە، کۆگای یادەوەریی و ئەو پەنجەرەیەیە کە بەهاکان لە ڕێگایەوە دەکەوتوون، بۆیە دیسان لەدەستدانی سیمبوڵیزم نەک زمان دەخاتە نێو قەیرانێکی ئیپیستیمۆلۆجیی، یان زمانەوانیی، بەڵکو بە قەیرانێکی هەمەلایەنەی شارستانیی کۆتایی دێت. بۆ گینۆ کاتێک زمان وەزیفەی مێتافیزیکیی لەدەستدەدات ئەوە شارستانییەتەکەیەتی لە زمان دادەبڕێت و بەرەو کاڵبوونەوە و لەناوچوون دەچێت ( Guénon, 1942, 46)، کاتێک دەڵێین مۆدێرنیزم لە قەیراندایە، یەکێک لەو قەیرانە قووڵانە قەیرانی شوناسی ڕەسەنی شارستانییەتەکانە، چونکە مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی لەگەڵ دەرکەوتنیدا زمانی لە هەر قودسییەتێک دابڕاندوو و کورتی کردەوە بۆ ئامرازێک لە پەیوەندییکردن و زانیاریی کەڵەکەبووی سادە. ئەم گۆڕانکارییە تەنها کاریگەریی لەسەر فەلسەفەی زمان نەبوو، بەڵکو کاریگەریی لەسەر چەمکی شوناسیش درووست کرد.

١-٣-٣-٢ ئایا وشەکان ئامرازی تەکنیکیین؟

لە بیری مۆدێرنیزمدا شوناس لەسەر مێژوو، کولتوور و ئابووریی بونیادنراوە نەک لەسەر زمانی قودسیی و شارستانییەتی ڕەسەن و ترادیسیۆن، بۆیە لە دونیای مۆدێرندا زمان هەڵگری هیچ بەهایەکی مێتافیزیکیی نیە لەبری ئەوە نرخی کۆمەڵایەتیی هەڵگرتووە، بۆ گینۆ، بچووککردنەوەی زمان بۆ هەر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی، بە واتای لەدەستدانی ڕۆڵی خۆی وەک پردێک بەرەو «موتلەق- ڕەها» دێت، بەمپێیەش دارمانی بونیادی ئەو شارستانییەتەیە کە لەسەری دامەزراوە، لەژێر ڕۆشنایی دیدگای گینۆدا

پرۆفیسۆر نەصر لە کتێبی «مەعریفە و موقەددەس-Knowledge and the Sacred» دا پێیوایە قەیرانی زمان لە دونیای مۆدێرندا ڕەنگدانەوەی قەیرانی خودی واتایە، کاتێک وشەکان دەگۆڕێن بۆ ئامرازی تەکنیکیی بێلایەن، هەر لەوێدا مرۆڤ توانای بینینی جیهان وەک هێمای غەیب لەدەست دەدات (Nasr, 1981, 89)، بۆیە داهاتووی هەر شارستانییەتێک بە توانای پاراستن و ژیان بە زمانە قودسییەکەی دەپێورێت کە وەکو بوونێکی زیندوو بە موتڵەقەوە دەیبەستێتەوە، نەک تەنها وەک میراتێکی ئیستاتیکی، بەڵکو وەک بەهایەکی پرایمۆردیاڵ و ئەبەدیی. لێرەوە بچووککردنەوەی زمان بۆ ڕەهەندی ئامرازیی خۆی، ڕەنگدانەوەی لەدەستدانی دیدگای سیمبوڵیکیانەی شارستانییەتە ( Kalın, 2017, 167).

لەمەوە ئەو خەرەندە قووڵە دەبینین کە لەنێوان ئەم دوو حیکایەتەدا هەیە کە یەکێکیان نوێنەرایەتیی ئاسمان دەکات و ئەوی تریان نوێنەرایەتیی زەویی. بۆنموونە لای دێریدا زمان تۆڕێکە لە ئاماژەی ناکۆتا کە تێیدا شوناس شوێنەواری واتا هەمیشە گۆڕاوە (Derrida, 1967, 25)، بەڵام بۆ گینۆ زمان لە ڕێگای ڕەهەندە مێتافیزیکییەکەیەوە سەقامگیریی و نەگۆڕیی بە شوناس دەبەخشێت، جیاوازییەکە لێرەدا ڕادیکاڵە، ڕۆژئاوای پۆستمۆدێرن وەک کرانەوەیەکی ناسەنتەری تەماشای شوناس دەکات، لەکاتێکدا گینۆ واتەماشای شوناس دەکات کە لە ڕێگای زمانی قودسییەوە ڕەگ و ڕیشەی لە موتڵەقدا چەسپاندووە، بۆیە دەڵێین زمان پێوەرێکە بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی واتایی دونیای مۆدێرن، کاتێک وشەکان گۆڕدراون بۆ هێمای تەکنیکیی بێ ڕۆح، ئەوە واتای ئەوەیە مرۆڤایەتیی توانای درکپێکردنی بە جیهان وەک کتێبێکی ئیلاهیی لەدەستداوە، ئەگەر شارستانییەتی مۆدێرن زمانی لە ئەرکە ڕەمزییەکەی دوورخستبێتەوە، واتای وایە دەرگای موتڵەق بەڕووی خۆیدا داخستوە، خۆی لە جیهانێکی ئیدراکی ڕووت و چەندێتییدا زیندانی کردووە، گینۆ پێیوایە ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانە لە وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی ڕەمزیی زمانەوە دەست پێدەکات و ئایندەی ڕۆحی مرۆڤایەتییش پەیوەستە بە گێڕانەوەی زمانی قودسیی بۆ ناو دڵی ژیانی ڕۆژانە و شوناسی دەستەجەمعیی.

١-٣-٣-٣ زمان وەک «کرۆکی گەردوون»:

لە فەلسەفەی ڕێنێ گینۆدا زمان ڕەهەندی پراگماتیکیی یان مێژوویی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەچێتە نێو ڕۆحی مێتافیزیک و ئاسۆی بوونەوە. لای ئەو زمان تەنها فۆنەتیک یان سیمبوڵێک نیە کە خەڵک بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکاریدەهێنن، بەڵکو وێنایەکی ناوەوەیە کە ڕەنگدانەوەی نەزمی گەردوونیە. ئەمەش وایلێدەکات جەخت لەوە بکاتەوە کە وشەی یەکەم داهێنراونەبوو، بەڵکو «مانیفێست» یاخود «تەجەللا- دەرکەوتە»ی خودا بوو. دەنگدانەوەیەکبوو کە بەهۆیەوە جیهان بەدیهات (Guénon, 1995, 27)، بەم فۆڕمە زمان بەشێکە لە بونیادی مێتافیزیکیی جیهان، هاوشێوەی کتێبێک کە بە سیمبوڵ نووسراوە و مرۆڤەکان دەیخوێننەوە و تێیدە گەن.

ئەم چەمکە ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە بیرۆکەی لۆگۆسدا دەبینێتەوە کە لە ترادیسیۆنی مەسیحیی و فەلسەفەی گریکدا هەیە و «وشە» نوێنەرایەتیی بنەمای ڕێکخستنی گەردوونیی دەکات، بەڵام گینۆ ئەم بیرۆکەیە لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا دادەڕێژێتەوە و هەموو زمانێکی موقەددەس دەکاتە تەجەللای سیمبوڵیکیی گەردوونیی، بۆ ئەو زمان بەقووڵیی بەستراوەتەوە بە «ژمارە» و «فۆرم» و «تۆن»ەوە- ئەو توخمانەی کە مێتافیزیکییە دێرینەکان وەک بناغەکانی بوون دەیانبینی، لەبەرئەمەیە کە لە کتێبی «سیمبوڵە بنەڕەتییەکان: زمانی گەردوونی- Fundamental Symbols: The Universal Language» ئاماژە بەوە دەکات زمان هەمیشە هەڵگری واتای ماتماتیک و جوانکاریە کە واتای کڵێشەیی وشەکان تێدەپەڕێت (1995, 97)، زمان لێرەدا لە ئاوێنەیەکی گەردوونیی دەچێت چونکە وشەکان هیچ نین جگە لە هێمای پەیوەندییە قووڵەکانی نێوان «مرۆڤ» و «بوون».

ئەم تێڕوانینە کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە بەراوردی بکەین بەو هێماسازییە ژمارەییەی کە لە ترادیسیۆنە دێرینەکاندا هەبووە. پیتەکان پەیوەستبوون بە ژمارەکانەوە، دەنگەکانیش بە تۆنەکانەوە، بەجۆرێک زمان وەک «بیرکاریی ئاخاوتن» تەماشا دەکرا، لە فەلسەفە و عیرفانی ئیسلامییدا کاریگەریی ئەمە بەڕوونیی دەبینین لە زانستی پیتەکان لای سۆفییەکان، کە پێیانوابوو هەر پیتێک گوزارشت لە ئاستێکی بوون دەکات. لێرەوە تێدەگەین کە بۆچیی گینۆ بۆچوونی وابووە کە لەدەستدانی ڕەهەندی «سیمبوڵیکیی زمان» بە واتای لەدەستدانی پەیوەندیی زمانە بە گەردوونەوە وەک کتێبێکی ئیلاهیی. هەروەکو چۆن پرۆفیسۆر «سەید حوسەین نەصر» ئەم بیرۆکەیە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو کە «زمانی موقەددەس» کلیلی تێگەیشتنە لە «جیهان وەک کتێبێک»، کتێبێک کە تێیدا هەموو دیاردەیەکی سرووشتیی سیمبوڵێکە (Nasr, 1981, 115). هەردوو زمان و گەردوون دەقی ڕەمزیین کە پێویستییان بە لێکدانەوە هەیە و توانای خوێندنەوەی یەکێکیان پەیوەستە بە توانای خوێندنەوەی ئەوی تروە. ئەم چەمکە پەیوەندیی نێوان زمان و بوون دەکاتە پەیوەندییەکی ڕەنگدانەوەی و هاوتابوون، نەک تەنها ئارەزوومەندانە. لێرەوە ئەرکی مرۆڤ لە ترادیسۆندا تەنها ئاخاوتن نیە، بەڵکو خوێندنەوەی ئەو نیشانانەی دەوروبەری و کۆدکردنەوەی ئەو هێمایانەیە کە لە جیهاندا دەرکەوتوون.

ئەم ڕەهەندە گشتگیرەی زمان لە پەیوەندیی نێوان زمان و هونەریشدا دەبیندرێ «بە تۆپیکێکی تایبەت لەسەر پەیوەندیی نێوان هونەر و زمان دەوەستم»، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە گینۆوە هەیە پێویستە بڵێین هونەر لەلای ئەم فەیلەسووفە تەنها دەرخستن و خۆدەربڕینێکی ئیستاتیکیی نیە، بەڵکو زمانێکی سیمبوڵیکیی تریە کە ڕەنگدانەوەی نەزمی گەردوونیە. بۆ نموونە مۆسیقا لەسەر بنەمای مێلۆدی و ڕیتم دامەزراوە، زمانێکە هاوتەریب لەگەڵ وشەکان، کە لە بەرامبەردا وزەی ڕۆحیی دەبەخشێت، شێوە و پاتێرنە ئەندازەییەکانی هونەری موقەددەسی ئیسلامیی زمانێکی بینراون کە لە فرەچەشنییدا یەکێتیەکی ناوازە دەردەبڕن، بەم فۆڕمە هەموو زمانەکان یەکدەگرنەوە، زارەکیی، ژمارەیی، بینراو و بیستراو، هەموو ئەو سیمبوڵانە لە چەندیین ڕوانگەوە ڕەنگدانەوەی (حەقیقەتی ڕەها)ن (Guénon, 1995, 145).

لە ترادیسیۆنی هیندەویزمدا، زمانی سانسکریتیی بە زمانێکی گشتگیر دادەنرا کە هێزی عیرفانیی هەڵگرتووە. مانتراکان بە ڕوونی ئەم هێزە عیرفانیە بەرجەستە دەکەن. ئەمەش وادەکات زمان لەم نەریتانەدا ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بە ستراکچەری گەردوونەوە، گینۆ کە لە ژێر کاریگەریی دینیی هیندەویزم و بودایزم بۆی دەرکەوت کە تێڕوانینیی ترادیسیۆنی زمان لەم کولتوورانەدا لەگەڵ عیرفانی ئیسلامییدا یەکدەگرێتەوە کە بەڵێ وشەکان کلیلی تێگەیشتنن لە بوون، بۆیە زمان لای گینۆ تەنها ئامرازێک نیە بۆ واتا، بەڵکو وێناکردنی گەردوونە، وشە و ژمارە و دەنگ و فۆڕم، هەموویان زمانی جیاوازن کە هەمان حەقیقەت دەردەبڕن، زمان لێرەدا تەنها ئامرازێک نیە بۆ پەیوەندییکردن بەڵکو کلیلی تێگەیشتنە لە جیهان وەک هێمایەک و دووبارە دۆزینەوەی ڕەها لە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا.

١-٣-٣-٤ گینۆ و حیکمەتی ڕۆژهەڵات:

لە تایبەتمەندییە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی بیرکردنەوەی ڕێنێ گینۆ، وەرگرتنی ئیلهامی قووڵە لە حیکمەتی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی دینیی هیندەویزم و بودایزم، لە ترادیسیۆنی هیندەویزمدا، زمانی سانسکریت وەک زمانێکی قودسیی، پێگەیەکی سەرەکیی داگیرکردووە، تەنها زمانێکی مێژوویی مرۆڤکرد نیە، بەڵکو زمانێکی گشتگیرە کە وەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی (حەقیقەتی ڕەها) دەبیندرێ. ئەو مانترایانەی لە ڕیچواڵی هیندۆسەکاندا دەخوێندرێنەوە تەنها تێکستی هێمایی نین، بەڵکو دەنگگەلێکن کە هێزێکی ناوەکییان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە و کاریگەرییان هەیە لەسەر کەسەکان (Coomaraswamy, 1943, 57).

مانترا نموونەیەکی سەرنجراکێشی ئەم واتایەن: تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکی واتاوە نا، بەڵکو لە ڕووی ڕیتم و لەرزینی دەنگییشەوە، دووبارەبوونەوەی ئەم وشە و ڕیتم و دەنگانە لە ڕیچواڵدا خوو نیە، بەڵکو کردەیەکی گەردوونیە کە نەزمێکی باڵا و سوپرامادديی لە جیهانی مادديیدا بەرهەم دەهێنێتەوە، گینۆ ئەم ڕەهەندی دەنگەی ڕیچواڵ وەک مۆدێلێک بۆ تێگەیشتن لە زمانی قودسیی دەبینێت، جا چ لە ئیسلامدا بێت یان دینیی کریستیانییزم، یان لە شوێنێکی تردا، لێرەدا زمان تەنها فۆرمێک نیە، بەڵکو بوونی ڕاستەقینەی دەسەڵاتێکە کە مرۆڤایەتیی تێدەپەڕێنێت، بەڵام لە بودییزمدا مەسەلەکە ئاڵۆزترە، بودایییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناتوانین بە وشە حەقیقەتی کۆتایی«دارما» دەربڕین و زمان دەستکورتە لەئاستی دەربڕیینی و هەڵگرتنی واتای تەواودا، بەڵام لەهەمانکاتدا تێکستە قودسییەکان «سوترا» و سروودەکان وەک ئامرازێک بۆ ڕێنماییکردنی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بەکاردەهێنن، لێرەدا پارادۆکسێک هەیە، زمان سنووردارە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک بلندگۆیەک جەوهەرییە. وشەکان لە ڕێگای سیمبوڵیک و مێتافۆرەوە دەتوان ڕێگا بۆ وەرگر بکەنەوە. لە چوارچێوەی «کۆنفۆشیۆس»یشدا زمان پەیوەندییەکی نزیکی بە ئەخلاق و سیاسەتەوە هەیە، کۆنفۆشیۆسیزم پێیوایە چاکسازیی لە زماندا مەرجێکە بۆ چاکسازیی لە کۆمەڵگادا و ناهاوسەنگیی لە وشەسازیدا دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی لە بەها و ڕێکخستندا. لێرەدا بیرۆکەی «ناونانی درووست» (zhèngmíng) سەرهەڵدەدات، بەو واتایەی کە وشەکان دەبێ لەگەڵ واقیعی ئەخلاقیی و سیاسییدا بگونجێن، ئەم ڕەهەندە ئەخلاقیی-سیمبوڵیکییە زمان دەکاتە ئامرازێک بۆ پاراستنی نەزمی گەردوونیی و کۆمەڵایەتیی، چونکە زمانی ڕاستەقینە زمانی حەقیقەتە مێتافیزیکییەکانە (Guénon, 1928, 22)

١-٣-٣-٥ زمانناسیی گینۆ و دونیای مۆدێرن:

بەرلەوەی دیدی گینۆ بخەینەڕوو، پێویستە سەرنجی مەلا صەدرا لەسەر زمان بخەینەڕوو، مەلا صەدرا لە کتێبی (أسفار)دا چەمکێکی فەلسەفیی دەخاتەڕوو کە زمان دەکاتە ڕەنگدانەوەی بوون، لای ئەو وشەکان تەنها نیشانە نین، بەڵکو مانیفێست و ڕەنگدانەوەی بوونن، لە عەقڵەوە بەرەو جیهانی هەستەکیی بەرزدەبنەوە. بۆ ئەو لە بونیادی وشەدا «بوون» شوێنەواری کۆنکرێتیی هەڵگرتووە، بۆیە ئارەزوومەندانە نیە، بەڵکو دەربڕیینی پلەکانی حەقیقەتە (ملا صدرا، ١٩٨١، ج٢، ٧٦)، لای غەزالیی، زمان ئامرازێکە بۆ تێرامانی ڕۆحیی، بۆ سوهرەوەردیی، زمان سیمبوڵی نوورە، بۆ مەلا صەدراش مانیفێستی بوونە، بۆ ئیبن عەرەبییش دەرکەوتەی ناوە ئیلاهییەکانە. لە بەرامبەردا گینۆ زمان وەک دەرکەوتنی «(حەقیقەتی ڕەها)» دەبینێت، ئەم دیدگایانە هەموویان پێکەوە، هێڵێکی یەکگرتوو لەگەڵ گینۆدا دەخەنەڕوو کە زمان دەکاتە پردێک بەرەو موتڵەق. جەختکردنەوەشە لەسەر ئەوەی کە لەدەستدانی سیمبوڵیزمی زمان بە واتای لەدەستدانی ئەرکی ئۆنتۆلۆجیی زمان دێت، مۆدێرنیزم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم یەکگرتوویە دێت، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەگەڵ هاتنی سۆسۆر(ساوسۆر یان سۆسێر) و زمانەوانیی مۆدێرن، زمان بوو بە سیستمێکی ئارەزوومەندانەی نیشانەیی ( Saussure, 1916, 33). بە پۆزەتیڤیزمی لۆجیکیی، کورتکرایەوە لە ئامرازێک بۆ دەربڕیین. لەگەڵ دێریدا و تیۆریای هەڵوەشاندنەوەشدا، زمان بوو بە گەمەیەکی ئاماژەیی و ئیقتیباسیی بەبێ سەرچاوە ( Derrida, 1967, 27).

بەڵام گینۆ پێماندەڵێت وشەکان هەڵگری جێپەنجەی بنەما گەردوونییەکانن لە دەرەوەی واتای ڕووکەشیان، پڕۆژەیەک بۆ دووبارە بونیادنانەوەی یەکێتیەک دەخاتەڕوو. ئەگەرچی ئەو نکۆڵی لە بوونی ڕەهەندی مێژوویی یان کولتووریی بۆ زمان ناکات، بەڵکو وەک تاکە ڕەهەند ڕەتیدەکاتەوە. بۆ گینۆ، زمان، لە جەوهەردا، ڕەنگدانەوەیەکی مێتافیزیکییە، بەڵام ئەم جەوهەرە لە ڕێگای مێژوو و کولتوورەوە خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، بۆیە ئەوەی پێویستە تەنها ئینکارکردنێکی ڕووکەشانەی

مۆدێرنیزم نیە، بەڵکو تێپەڕاندنی فارگۆنی «یێزم»ەکانی مۆدێرنەیە و ئاوڕدانەوەی جددیی و گەڕانەوەیە بۆ ترادیسیۆن، بەمشێوەیە زمان دەبێتە دۆمەینێکی یەکگرتوو، یەکگرتوویی نێوان ڕابردوو و ئێستا، نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، نێوان مرۆڤ و موتڵەق. موڵکی شارستانییەتێکی دیاریکراو نیە بەڵکو میراتی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتییە (Guénon, 1931, 62).

پرسیارێک کە دەمێنێتەوە ئەوەیە، ئایا ئەم ڕەهەندە قودسییەی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ناو دونیای ئەمڕۆ کە مۆدێرنیزم و پۆزەتیڤزمی زانستیی کۆنترۆڵی کردووە؟ گینۆ لەوەڵامدا پێماندەڵێت (بەڵێ)، بەڵام نەک لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەڵکو لە ڕێگای زیندووکردنەوەی سیمبوڵیک لە پراکتیکی ڕۆژانەدا، خوێندنەوە، یادکردنەوە و زیکر، ڕێچواڵ، پەروەردە و هونەر و تاد.. زمان تەنها لە ڕێگای تیۆرایزەکردنەوە سیمبوڵەکانی خۆی بەدەست ناهێنێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای پراکتیکەوە بەدەست دێتەوە کە وشەکان بە ڕەهاوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بەو واتایەیە کە پڕۆژەکەی تەنها ڕەخنە نیە، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ گۆڕینی ژیان بۆ زمانێکی سیمبوڵیکیی، کەواتە دەرەنجامە گرنگەکە ئەوەیە کە زمان کلیلی مرۆڤایەتییە، ئەگەر وەک ئامرازێک سەیری بکەین، ئەوا لە جیهانێکی داخراو و بێواتادا دەژین، یان مرۆڤایەتیی لە زبڵدانی وشەی بێجەوهەر و پووچدا دەمێنێتەوە، یان دەگەڕێتەوە بۆ زمانێک کە ڕەنگدانەوەی موتڵەق و بەهای ترانسیندێنتاڵ(باڵا)یە.

ئەنجام:

١- لە دیدی قوتابخانەی پێرینیاڵیزمدا، زمان لە موقەددەس دابراوە، لەکاتێکدا و لە ترادیسیۆندا زمان بە موقەددەسەوە گرێدرابوو، وەزیفە و ئەرکی زمان لە ترادیسیۆندا تەنها دروستکردنی پەیوەندیی مرۆیی نەبوو، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندیی بوو لەگەڵ ئاسمانیشدا. ڕێنێ گینۆ وەک ئایکۆنێکی گرنگی قوتابخانەی پێرینیاڵیزم بەقووڵیی ئاشنامان دەکات بەم پەیوەندییە ترانسیندێنتاڵ و نەمرە، ئەویش ترادیسیۆن و فۆرمە جوداکانییەتی کە ڕەهەندی قودسیی بۆ زمان گێڕاوەتەوە.

٢- پۆزەتیڤیزمی زانستیی، یاخود زانستگەرایی و زانستپەرستیی مۆدێرن، وەکو دیدگایەکی مرۆیی دابڕاو لە خودا و ئاسمان، بەشێوەیەکی ماتریاڵیستانە و پرۆفەین مامەڵەی لەگەڵ تێکستی موقەددەسدا کردووە، بەتایبەت لەو چرکەساتەوە کە ترادیسیۆن و دین، ئەفسانە و تێکستی موقەددەس وەک یەکەیەکی مێژوویی و مرۆیی دەبینێت و وەک جەستەیەکی بێگیان ئەناتۆمیی«تشریح» دەکات.

٣- لە دیدی ڕێنێ گینۆدا، بۆئەوەی ڕەهەندی قودسیی بۆ زمان بگێڕینەوە، بۆئەوەی دیدی کورتبینانەی زانستگەرایی تێبپەڕێنین، پێویستە دیدگای سەبجێکتیڤانە بۆ زمان ڕەتبکەینەوە و دیدی ئۆبجێکتیڤانە و سبوڵیکیانەمان بۆ زمان هەبێت. چونکە کاتێک دیدێکی سەبجێکتیڤانە بۆ زمان قبوڵ دەکەین وەک دواحەقیقەتی زانستیی، ئەوە ڕاستەوخۆ بەر مرۆڤ دەکەوین وەک یەکەیەکی سەبجێکتیڤ و دابڕاو لە وەحیی، نەک بوونێکی ئۆبجێکتیڤ کە هەڵگری حیکایەتێکی پرایمۆردیاڵە.

٤- لای ڕێنێ گینۆ زمان مانیفێست و دەرکەوتەیەکی مێتافیزیکییە، بۆئەوەی ئەم هێڵە تۆخ بکەینەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ «سیمبوڵیزمی قودسیی» چونکە زمانی سیمبوڵیک توانای کەشفکردنی ئەو شتانەی هەیە کە ڕاستەوخۆ و لەڕێگای زمانەوانیی ڕووتەوە ناگوترێن. سیمبوڵیزمی قودسیی شێوازێکە بۆ وتنی ئەوەی کەلەدەرەوەی وتنە و تێگەیشتن لە ڕەهەندی سیمبوڵیکی زمان لەگەڵ هێما گەردوونییەکانیتری وەک فۆڕم و ژمارە و ئاماژە و تاد.. هەماهەنگە.

٥- گینۆ بە ڕەخنەگرتن لە زمانناسی مۆدێرن و دەروێشەکانی، چەکوشێکی گەورە دەکێشێت بەو شوشەیەی کە بەناوی «زانست»ەوە مۆدێرنیستەکان بە مرۆڤایەتیی ناساندوویانە، ئەو پێیوایە بازنەی

حەقیقەت زۆر فراوانترە لە بازنەی زانست. زانستگەرایی وەک دەرکەوتەیەکی مۆدێرنیزم ئەمڕۆ خۆی کردووە بە نوێنەری حەقیقەت، لەکاتێکدا خودی زانستەکە خەریکە دەبێت بە ئایدیۆلۆجیایەکی ترسناک کە هەموو شتەکانیتر لە خۆیدا ئاسمیلە دەکات و «دەتوێنێتەوە».

٦- کەواتە بۆئەوەی ئێمە لە وەهمی زمانناسی مۆدێرن و زانستی مۆدێرنی زمان بێینە دەرەوە، سەرەتا پێویستە وەک دوا حەقیقەت مامەڵە لەگەڵ ئەم زمانناسیەدا نەکەین کە ڕەگ و ڕیشەکەی لەهەناوی ئایدیۆلۆجیای پۆزەتیڤیزمدایە. پێویستە ئەو پردە درووست بکەینەوە کە زمان لەنێوان«بوونی ڕێژەیی» و «بوونی موتڵەق»دا درووستی کردووە. چونکە ئەم قەیرانەی ئێستا سەریهەڵداوە، تەنها قەیرانی زمان نیە، بەڵکو قەیرانی مەعنەویی، ئەخلاقیی و فیکرییشە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پچڕانی مرۆڤایەتییەوە هەیە لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی.

٧- گینۆ پێیوایە لە دیدی مۆدێرنیزمدا وشەکان ئامرازیی تەکنیکیین و هیچ پەیوەندییەکیان بە حەقیقەتی ناولێنراوەکانیانەوە نیە، لەکاتێکدا ئەم دیدگا مۆدێرنیستە کە شوناسی لەسەر مێژوو، کولتوور و ئابووریی بونیادناوە، زمان وەک جەستەیەکی بێڕۆح دەبینێت کە هەڵگری هیچ بەهایەکی مێتافیزیکیی نیە. بەڵکو تەنها ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ گینۆ کاتێک مۆدێرنیزم هەموو حیکایەتەکان بۆ زمان ڕەتدەکاتەوە و تەنها خۆی قبوڵ دەکات، بیری چووە کە خۆیشی تەنها حیکایەتێکە، نەک دواحەقیقەت و دواحیکایەت.

سەرچاوەکان

به عەرەبیی


-الشيخ محي الدين ابن عربي، (١٩١١). *الفتوحات المكية*، بيروت: . طبع الأول - دار الفكر.

-علي حسين امين جبار، (٢٠٢٤) شجرة الخلد بين الكتاب المقدس و القرآن الكريم، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية. العدد الثاني- الجزء الثاني.

- صدر الدين الشيرازي، (١٩٨١). الحكمة المتعالية في الأسفار العقلية الأربعة، ج ٢. طبع الأول، بيروت: دار إحياء التراث العربي.

-محمد حسين الطباطبائي، (١٩٧٢). الميزان في تفسير القرآن الكريم، ج ١. بيروت: . طبع الأول مؤسسة الأعلمي للمطبوعات.

-نصر حامد أبو زيد، (١٩٩٠). مفهوم النص: دراسة في علوم القرآن الكريم. القاهرة. طبع الأول - الهيئة المصرية العامة للكتاب.


به ئینگلیزیی


- Coomaraswamy, A.K. (1943) *Hinduism and Buddhism*. [Place not identified]: [Publisher not identified].

- Derrida, J. (1967) *Of Grammatology*. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

- Guénon, R. (1927) *The Symbolism of the Cross*. Paris: Librairie de Médicis.

- Guénon, R. (1928) *Perspectives on Initiation*. Paris: Librairie de Médicis.

- Guénon, R. (1931) *Introduction to the Study of the Hindu Doctrines*. Paris: Gallimard.

- Guénon, R. (1942) *The Crisis of the Modern World*. London: Luzac & Co.

- Guénon, R. (1945) *The Reign of Quantity and the Signs of the Times*. London: Luzac.

- Guénon, R. (1995) *Fundamental Symbols: The Universal Language of Sacred Science*. Cambridge: Quinta Essentia.

- Heidegger, M. (1971) *Poetry, Language, Thought*. Translated by A. Hofstadter. New York: Harper & Row.

- Nasr, S.H. (1981) *Knowledge and the Sacred*. New York: Crossroad.

- Saussure, F. (1916). Course in General Linguistics. London: Duckworth.

- Wittgenstein, L. (1922) *Tractatus Logico-Philosophicus*. London: Kegan Paul.

- Wittgenstein, L. (1953) *Philosophical Investigations*. Oxford: Basil Blackwell.

به توركيی

- Kalın, İ. (2007). *Ben, Öteki ve Ötesi: İslam-Batı İlişkileri Tarihine Giriş*. İstanbul: İnsan Yayınları.

- Kalın, İ. (2017). *Barbar, Modern, Medenî: Medeniyet Üzerine Notlar*. İstanbul: İnsan Yayınları.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

Sources

In Arabic

-Ibn Arabi, Muhyiddin (1911). *Al-Futuhat al-Makkiyya* (The Meccan Illuminations). Beirut: Dar al-Fikr (First Edition.(

-Jabbar, Ali Hussein Amin (2024). "The Tree of Immortality: Between the Holy Bible and the Holy Quran." *Kirkuk University Journal for Humanities Studies*, Issue 2, Part 2.

-Sadr al-Din al-Shirazi (1981). *Al-Hikmah al-Muta'aliyah fi al-Asfar al-'Aqliyyah al-Arba'ah* (Transcendent Theosophy in the Four Intellectual Journeys), Vol. 2. Beirut: Dar Ihya al-Turath al-Arabi (First Edition.(

-Al-Tabataba'i, Muhammad Hussein (1972). *Al-Mizan fi Tafsir al-Qur'an al-Karim* (The Balance in the Exegesis of the Holy Quran), Vol. 1. Beirut: Al-A'lami Foundation for Publications (First Edition.(

-Abu Zayd, Nasr Hamid (1990). *Mafhum al-Nass: Dirasah fi 'Ulum al-Qur'an al-Karim* (The Concept of the Text: A Study in the Sciences of the Holy Quran). Cairo: General Egyptian Book Organization (First Edition.(

In English

Coomaraswamy, A.K. (1943) *Hinduism and Buddhism*. [Place not identified]: [Publisher not identified].

- Derrida, J. (1967) *Of Grammatology*. Baltimore: Johns Hopkins University Press.

- Guénon, R. (1927) *The Symbolism of the Cross*. Paris: Librairie de Médicis.

- Guénon, R. (1928) *Perspectives on Initiation*. Paris: Librairie de Médicis.

- Guénon, R. (1931) *Introduction to the Study of the Hindu Doctrines*. Paris: Gallimard.

- Guénon, R. (1942) *The Crisis of the Modern World*. London: Luzac & Co.

- Guénon, R. (1945) *The Reign of Quantity and the Signs of the Times*. London: Luzac.

- Guénon, R. (1995) *Fundamental Symbols: The Universal Language of Sacred Science*. Cambridge: Quinta Essentia.

- Heidegger, M. (1971) *Poetry, Language, Thought*. Translated by A. Hofstadter. New York: Harper & Row.

- Nasr, S.H. (1981) *Knowledge and the Sacred*. New York: Crossroad.

- Saussure, F. (1916). Course in General Linguistics. London: Duckworth.

- Wittgenstein, L. (1922) *Tractatus Logico-Philosophicus*. London: Kegan Paul.

- Wittgenstein, L. (1953) *Philosophical Investigations*. Oxford: Basil Blackwell.

in Turkish

- Kalın, İ. (2007). *Ben, Öteki ve Ötesi: İslam-Batı İlişkileri Tarihine Giriş*. İstanbul: İnsan Yayınları.

- Kalın, İ. (2017). *Barbar, Modern, Medenî: Medeniyet Üzerine Notlar*. İstanbul: İnsan Yayınları.